**حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە دەستبەجێ ڕۆژنامەنووس شێروان شێروانی ئازاد بکات و کۆتایی بە هەراسانکردنی دادوەری بهێنێت**

ئێمەی ڕێکخراوەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری، مافی مرۆڤ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین دەستبەجێ و بێمەرج ڕۆژنامەنووس شێروان شێروانی ئازاد بکات کە بە ناڕەوا و بەهۆی کاری ڕۆژنامەنووسییەوە و لە ڕێگەی هەراسانکردنی دادوەریی سیستماتیکەوە لە کونجی زینداندا هێڵراوەتەوە بە ئامانجی کپکردنی دەنگە ناڕازییەکان و ڕۆژنامەگەریی ڕەخنەگرانە.

ڕۆژی 20ی ئابی 2025، دادگای تاوانەکانی هەولێر سزای چوار ساڵ و پێنج مانگی دیکەی بەسەر شێروانیدا سەپاند، ئەوەش سێیەمین سزایەتی لە ساڵی 2021ـەوە، هەریەکەیان بە شێوەیەکی گشتی وەک تۆڵەسەندنەوەیەکی سیاسی دەبینرێن لە دژی کارە ڕۆژنامەوانییە بنکۆڵکارییەکانی شێروانی لەسەر گەندەڵی و مافی مرۆڤ. تاکە "تاوان"ی شێروانی پراکتیزەکردنی ڕۆژنامەگەرییە.

لە سەرجەم قۆناغەکاندا، شێروانی بێبەشکراوە لە سەرەتاییترین ماف و ڕێکارە یاساییەکان، بۆ نمونە بەرگریی دادپەروەرانە و دادگاییکردنێکی بێلایەنانە. چەوساندنەوەی یاسایی شێروانی لە ساڵی 2021 بە سزای شەش ساڵ زیندانی دەستیپێکرد، دواتر لە مانگی تەممووزی 2023دا و بە تۆمەتی ساختەکاریی ناڕەوون سزایەکی دیکەی بەسەردا سەپێندرا. دوایین سزادانی لە ساڵی 2025دا بوو لەسەر بنەمای ئیفادەی چەند شایەتحاڵێکی دژبەیەک و کۆمەڵێک تۆمەتی پشتڕاستنەکراوە. چاودێرانی یاسایی جەختیان لە ناڕوون و لاریی ڕێکارەکان و نەبوونی شەفافیەت و بوونی کەشێکی ترس و تۆقاندن کردووەتەوە لەکاتی پرۆسەی دادگاییکردنەکەی کە هەر لە بنەڕەتدا نادادپەروەرانە بەڕێووەچووە.

خراپ بەکارهێنانی سیستەمی دادوەری بۆ سزادانی ڕۆژنامەنووسانی وەک شێروانی پێشێلکارییەکی گەورەیە بۆ ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و زیان بە پابەندنبوونی یاسایی خودی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دادپەروەری دەگەیەنێت. دۆسیەکەی شێروان ڕەنگدانەوەی دابەزین و کاڵبوونەوەی ڕوون و مەترسیداری ئازادی ڕۆژنامەگەرییە لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە دەنگە ناڕازییەکان تادێن کپتر دەکرێن.

ئێمە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە:

- دەستبەجێ و بێمەرج شێروان شێروانی ئازاد بکات و خۆی بەدووربگرێت لە بەرهەڵستیکردنی هەر تانەیەک کە لە بڕیاری دادگا دەدرێت
- کۆتاییهێنان بە خراپبەکارهێنانی یاسا بۆ بەئامانجگرتنی ڕۆژنامەنووسان و دڵنیابوون لەوەی کە هەموو ڕێکارە یاساییەکان یەکانگیرن لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی دادپەروەری و شەفافیەت

- ڕێزگرتن لە پابەندیی حکومەت بە مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا لەڕێگەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی کۆنکرێتی بۆ پاراستنی سەلامەتی و سەربەخۆیی هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن

بەردەوامی زیندانیکردنی شێروان شێروانی زیانێکی گەورە بە ناوبانگی نێودەوڵەتیی هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی پابەند بە بنەما دیموکراسیەکان دەگەیەنێت، بۆیە داواتان لێدەکەین هەنگاوێکی خێرا و کردایی بگرنەبەر بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەم بۆچوونەوە، و هەروەها پابەندبوونتان بە ئازادیی ڕۆژنامەگەری و کەرامەتی مرۆڤ و سەروەری یاسا دووپات بکەنەوە.

واژۆکراوە لەلایەن:

1. کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان (CPJ)
2. ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور (RSF)
3. تیمەکانی ئاشتیخوازیی کۆمەڵگا (CPT)
4. پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ ڕۆژنامەگەری (IPI)
5. گرووپی مافەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا (MENA Rights Group)
6. سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردنی لە مافی ڕۆژنامەنووسان
7. ڕێکخراوی جاسەنە بۆ ئازادیی بیرورا و میدیا
8. پەیمانگای مافە نێودەوڵەتییەکان (IRI)
9. ڕێکخراوی پەیامنێران بۆ ماف و گەشەپێدان
10. کۆمەڵەی داکۆکی لە ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە عێراق (PFAA)
11. کۆمەڵەی عێراقی بۆ داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنوسان
12. ئەکتیڤ وۆچ
13. ڕێکخراوی هیومەنە بۆ مافەکانی مرۆڤ و بەشداریکردنی مەدەنی
14. دامەزراوەی میدیایی پەرەگراف

15.ديموكراسی بۆ جیهانی عەرەبیی ئێستا - DAWN

16.دامەزراوەی INSM بۆ مافە دیجیتاڵییەکان

17.تۆڕی مافی کارتۆنیستە نێودەوڵەتییەکان

18.دەستپێشخەری میسری بۆ مافە کەسییەکان (EIPR)